# ژنان و ناسیونالیسم له کۆماری کوردستانی 1946دا (1)

## Women and Nationalism in the Kurdish Republic of 1946

شەهرزاد موجاب

وەکوو پێشەکی

کتێبی Women of A Non-state Nation, The Kurds (ژنانی میللەتێکی بێدەوڵەت، کوردەکان) که لەلایەن خانمی شەهرزادی موجابەوە ئامادەکراوە، ساڵی 2001 له ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبه زۆربەنرخه که لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیه سەبارەت بە دەوری ژنان لەبوارەجۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەدرێژایی مێژووی کوردستان، بریتیه له پێشەکییەکی چڕوبڕ و لەسێ تەوەردا پێشکەشکراوە. پێشەکی کتێبەکه لەلایەن شەهرزادی موجاب خۆیەوە نووسراوە و ناوەرۆکی هەموو باسەکانی کتێبەکەمان پێدەناسێنێت.

سەردێڕی تەوەری یەکەمی ئەم کتێبه «ڕوانگە مێژوویەکان»ە که پێکهاتووە له سێبەش: «پرسی ژنان لەگوفتاری ناسیونالیستەکوردەکان له خولی کۆتایی ئیمپراتوری عوسمانیدا» لەنووسینی جانێتکلاین (Janet Klein)؛ « ژنانی کورد له قسطنطنیه له سەرەتای سەدەی بیستەمدا»، لەنووسینی روهات ئالاکوم (Rohat Alakom)، «ژنان و ناسیۆنالیسم له کۆماری کوردستانی 1946دا»، لەنووسینی شەهرزادی موجاب (Shahrzad Mojab).

تەوەری دووهەم لەژێر سەردێڕی «ڕوانگە سیاسیو یاساییەکان»دایه که پێکهاتووە له سێ بەش: «له عادیلەخانمەوە هەتا لەیلا زانا: ژنان وەکوو ڕێبەرانی سیاسی لەمێژووی کوردستاندا»، لەنووسینی مارتین ڤان برۆینسۆن ( Matin van Bruinsson)؛ «ژنانی کۆچکردووی کورد له ئەستەموول: کۆمەڵگا و سەرچاوەپێویستەکان بۆبەشداری سیاسی ناوچەیی بۆ ئەو تاقمە کۆمەڵایەتییەی که خراوەتە پەراوێزەوە»، لەنووسینی هایدی ویدێل (Heidi Wedel)؛ «ژنانی کورد ومافی چارەی خۆنووسین: سەرنجێکی فێمینیستی بۆ یاسا نێونەتەوەییەکان»، له نووسینی سوزان مەکدانالد ( Susan McDonald).

تەوەری سێهەمی کتێبەکه لەژێر سەردێڕی «ڕوانگە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو زمانناسییەکان»دایه که بریتیه له پێنج بەش: «دەرمانکەر، نهێنیئامێز یان جادوویی: هەڵبژاردە لەشساخییەکانی ژنان لەشارێکی کوردستاندا»، لەنووسینی ماریا ئووشی (Maria O Shea)؛ «فۆلکلۆرو فانتازیا: ناساندنی ژنان له نەریتی گێڕانەوەی کوردەکاندا»، لەنووسینی کریستین ئالیسن (Christine Allison)؛ «پەیکەرەی ژنانی کورد له سۆفیگەری هاوچەرخدا»، لەنووسینی ئانابێل بوتچێر(Annabelle Böttcher)؛ «سیماکانی ڕۆژهەڵات لەرۆڵی ژنانی کورد له کۆمەڵگەی کوردستاندا»، لەنووسینی میرێللا گالێتی (Mirella Galletti)؛ « (دووبارە) بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاری له زمانی کوردیدا»، له نووسینی ئەمیری حەسەنپوور (Amir Hassanpour)

دوکتۆر شەهرزادی موجاب مامۆستایاریدەدەری زانکۆی تورانتۆیه له کانادا، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ژنانو لێکۆڵینەوەی (ژەندەر) جنسیه له زانکۆی تورانتۆ و هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی کانادایی لێکۆڵینەوەی پەروەردەی گەورەساڵانه. بۆوەرگرتنی زانیاری لەسەر چالاکییەکانی شەهرزاد خانم و هەروەها بۆلەنزیکەوە ئاشنابوون له کارو هەڵسووڕانی زانستی و توێژینەوەی ئەم خانمه، دەتوانن سەرێکی سایتەکەی بدەن لەسەر ئینتەرنێت:
http://fcis.oise.utoronto.ca/~mojabweb/

لەوەرگێڕانی کوردی ئەمدەقەدا داوام له شەهرزادخانم کرد که ئەوبەشه له نووسراوەکەی وا ڕاستەوخۆ له سەرچاوە کوردیەکانەوە وەریگرتووە بۆم بنێرێت با من ناچارنەبم لەئینگلیزیەوە دەقێک بکەم بەکوردی کەخودی دەقەکە کوردی بووە! ئەویش بەخۆشیەوە ئەم کارەیکردو ئەو بەشە له نووسراوەکانی بۆناردم که له «کوردستان» و له «نیشتمان»دا بڵاوکراونەتەوە. من جگە لەگۆڕینی شێوەینووسین، دەقەکانم هەروەکوو خۆیان بەبێدەستکاری نووسیوەتەوە، وەرگێڕانی فارسی ئەم دەقەم پێشتر بڵاوکردووەتەوە.

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری ڕێبەندانی 2004

*سەرەرای ئەوەی که هەردوو وشەی دەوڵەت و حکوومەت عەرەبین، لەزمانی کوردیدا له باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەک مانا ناکرێنەوە. له باشوورstate واته دەوڵەت و government واته حکوومەت. لەڕۆژهەڵات پێچەوانەیە؛ سەرۆکی دەوڵەت واته سەرەک وەزیران و سەرۆکی حکوومەت واته سەرەک کۆمارو یان پادشا. من لێرەدا لەباتی state دەوڵەتم داناوە. وەرگێر*

# ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی 1946دا (1)

هەرچەند کوردەکان وەکوو گەورەترین میللەتی بێدەوڵەتی جیهان ناسراون، بەڵام مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتدارەتیان هەیە. یەکەم مێژووی کوردەکان شەرەفنامە لەساڵی 1597 دا لەلایەن شەرەفخان دەسەڵاتداری بەهێزی میرنشینی بەدلیسەوە نووسراوە. شەرەفخان لەبەرئەوە رووداوەکان دەگێرێتەوە کە مێژوونووسەکان بەسەرهاتی «میرو حاکمانی کوردستان»و «هەلومەرجەکان»و «هەڵوێستەکانی» ئەوانیان «لەحیجابی سیترو کیتماندا» شاردربووەوە. (شەرەفنامە چاپی تاران لاپەرەی 9، 586). لەگوێن ئەم سەرچاوەیە کە بەشێوەیەکی زۆربەرچاو پەسنیدراوە، بەدەوڵەتبوونی کوردەکان شێوازی جیاوازی بەخۆوەگرتووە هەرلە دەسەڵاتی سەربەخۆوە بگرە هەتا پاشایەتیو هەتا میرنشینی نیوەسەربەخۆ. ئەم سیستەمە هەتا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم واتە ئەوسەردەمەی کە حکوومەتەکانی عوسمانیو ئێران بۆ رووخاندنی دوایین میرنشین لە شەش میرنشینە سەرەکییەکان هێزی چەکداریان بەکارهێنا، درێژەی هەبوو. خەبات بۆدامەزراندنی دەوڵەت بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام ناوەرۆکی بزووتنەوە ناسیونالیستیەکانی کوردەکانی پێکهێناوە. گرینگترینی ئەم ئەزموونانە کەدەکرێت لە شێوازەکانی دەوڵەتی پێشمودێرن بناسرێتەوە، کۆماری کۆردستانی 1946ە کە لەباشووریرۆژهەڵاتی کوردستان کەئێستا بەشێکە لە باکووری رۆژئاوای ئێران، دامەزرا. دەکرێت ئەم دەوڵەتە نەک هەر لەبەر رواڵەتی کۆماریبوونەکەیو ئەوەی کەلەلایەن حیزبێکی سیاسیو کابینەیەکەوە بەرێوەدەچوو لە شکڵەکانی پێشمودێرنی پێشوو بناسرێتەوە، بەڵکوو هەروەها لەبەر سیستەمی مودێرنی فێرکردن، دەزگای راگەیاندنی مودێرن، ئەرتەشی میللی، سیستەمی باجوەرگرتن[مالیات]، سروودی میللی، ئاڵای میللی، زمانی میللی و هەروەها وەگەرخستنی ژنانیش لەبوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگو ژیانی سیاسیدا.

لەهەمانکاتدا کە هەبوونی ژنان لەژیانی پەروەردەو سیاسەتی کۆماری کوردستاندا دەستبەجێ ئەم دەوڵەتە لە هەموو شکڵەکانی پێشمودێرنی دیکەی کوردی جیادەکاتەوە، ئەمبەشە [لەم کتێبە] ئەوەمان پێنیشاندەدات کە ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەت لەهەردوو حاڵەتەکەدا تایبەتمەندی پیاوانەیان هەیە. لەراستیدا خەباتی میللی بۆدەسەڵاتدارەتی رێک هەروەکوو مافەنێونەتەوەییەکان کەپشتگیری لەمافی چارەی خۆنووسینی کوردەکان دەکەن، سیاسەتێکی بەتەواوی پیاوانەیە.

ئەم بەشە لە خۆتێوەردانی ژنان لە بوارەکانی سیاسەت دەکۆڵێتەوە کە بەپێی دابونەریت بواری پیاوانەبوون. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بناغەی توێژینەوە لەسەر بڵاوکراوەکانو بەڵگەنامەکانی دەوڵەت و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوژنانو پیاوانەی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ژیاون، بەرێوەچووە. حکوومەت لەماوەی کورتی ژیانی خۆیدا چەندین هەنگاوی هەڵگرت بەرەو بەشداریدانی ژنان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ژنان نەک وەکوو هەڵسووراوانی بزووتنەوەی ژنان و یان سەرۆکو کادرە هەڵسووراوەکانی حیزب بەڵکوو بۆ پشتگیریکردن لە پرسیمیللی چوونە ناو بوارەکانی دەرەوەی ماڵەوە. رێبەرانی پیاوی ئەم بزووتنەوە میللییە رۆڵێکی `شیاو`و `شەرافەتمەندانە`یان بۆ ئەم ژنانە وەکوو نموونەی بەرجەستەی میللەتێکی مودێرن و وەکوو «دایکی نیشتمان»ی پەسندراو رەچاوکردبوو.

### ناسیونالیسمی میللەتێکی بێدەوڵەت

پاش رووخانی میرنشینەکان لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا، داخوازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بەردەوام لەرۆژەڤی بنەماڵە لەدەسەڵاتکەوتووەکاندا هەبوو. حاجیقادریکۆیی (1897–1818) مەلا و شاعیر کۆچیکردبوو بۆ ئەستەموول و داوای لە کوردەکان دەکرد راپەرن و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. حاجیقادر هەروەها هانی کوردەکانی ئەدا کە زمانی خۆیان بەکاربێنن، زانستی نائایینی مودێرن وەربگرن، بەکچەکانیان بخوێنن و لەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاردا هەڵسووراوبن. جگەلەوەش تاقمێک لە رووناکبیرانی خوێندەواری مەدرەسەمودێرنەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خەریکی سەرهەڵهێنانبوون ئەم هەڵسووراوانە لە ئەستەمووڵی پایتەختو باقی شارەناوەندیە گرینگەکان خەریکی رێکخستن و دەرکردنی بڵاوکراوەبوون. بزووتنەوەی تورکەگەنجەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەروەک بزووتنەوە میللیو

دیموکراتیکەکانی ئەورووپاو ئاسیا دنەدەری بیری پێکهێنانی میللەتێکی مودێرنی کوردیو دەوڵەتی میللی بوون. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەساڵی 1898 دا دەرچوو. دوابەدوای ئەو یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لەساڵی 1908 دا پێکهات. بەڵام ڕێبەرایەتی ئەم چالاکیانە لەدەستی ئاریستۆکراسی خاوەن ملکدا بوو.

شەری جیهانی یەکەم بووەهۆی ماڵوێرانی زۆر گەورە لەکوردستان. دەوڵەتی عوسمانی بەدوای جینوسایدی (گەلکوژی) ئەرمەنیەکان لەساڵی 1915 دا چەندسەدهەزار کوردیشی بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە. زۆربەی ئەوانە پێشئەوەی بگەنە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەبەینچوون. بەڵام ئەم ئیمپراتۆریە لەشەردا شکستی خواردو زۆربەی سەرزەمینەکانی لەنێوان دەسەڵاتە ئوروپاییەکاندا دابەشکرا. دەوڵەتەنوێکانی سووریا و عێراق لەلایەن بەریتانیا و فەرانسەوە دامەزرانو لەئاکامدا کوردستانی عوسمانی لەنێوان دەوڵەتە تازەکان و هەروەها تورکیادا دابەشکرا. سەرکەوتووەکانی شەڕ لە پەیمانی سێڤر (Sèvres)دا ساڵی 1920 بەڵێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیاندا. بەڵام پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە عوسمانیەکان پاش تێکشکان خۆیان کۆکردبووەوە و بە هێزی دوبارە ڕێکخراوەوە بەدەستی مستەفا کەماڵ دەسەڵاتێکی کارامەیان لەسەر ئەوەندەی کە لە سەرزەمینی ئیمپراتۆری مابووەوە، واتە تورکیا ئێستا، دامەزراند. لەژێرکارتێکردنو ئاڵوگۆڕ لەترازووی هێزەکاندا پەیمانیسێڤر جێگای خۆیدابە پەیمانی لۆزان(Lausanne) کەتێیدا ناوێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبراوە. ساڵی 1923 تورکیا کۆماری ڕاگەیاندو دەستبەجێ و بەزۆر کوردەکانیان لەناو ئەو ڕژیمە ناسیونالیست- قەومیەی کە خەریکی سەرهەڵێنانبوو، تواندەوە.

خەباتی کوردەکان بۆ دەسەڵاتدارەتی لەژێر فەرمانرەوایانی `مودێرن` و چڕکراودا(متمرکز) پاششەریش هەر بەردەوامبوو. زنجیرەیەک شۆرشی گەورە کەلەنێوان ساڵەکانی 1925 تا 1942 لەئێران، تورکیا و عێراق بەرپاکران، بەتوندی سەرکوتکران. لەعێراقی داگیرکراو و لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا دەوڵەتێکی خودموختار بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود کە ڕێبەرێکی ئایینیو فیئۆداڵێکی خاوەن زەویزۆربوو، لە کۆتایی ساڵەکانی 1910 و سەرەتای 1920 دا بەدەسەڵات گەیشت. شێخ مەحموود بەرامبەر بەو سنوورانەی بەریتانیاییەکان لەبەردەمیان دادەنا ڕادەوەستاو خۆی کرد بە پادشای کوردستان. بەڵام دەوڵەتەکەی ئەویش لەچەشنی میرنشینەکانی قەدیمو سەرەرای کابینەو لەشکرێک کە بەشێکیان خولیپەروەردەیاندیبوو و هەروەها سەرەرای هەبوونی بلاوکراوەی دەوڵەتی، لەباری ڕێکخستنەوە فیئوداڵی بوو. هیچ حیزبێکی سیاسی لەئارادا نەبوو و دەسەڵاتیش لەدەستی شێخ مەحموود و بەشێکی بەربلاوی ئاغاوبەگی خاوەنملکدابوو کە ئەوخۆی داینابوون. لەژیانی جووتیارانو ژناندا کە زۆربەی نفووسیان پێکدەهێنا، هیچ ئاڵوگۆڕێک پێکنەهات.

دابەشبوونی دووبارەی کوردستان شوێنەواری دژبەیەکی لەسەر گەشەی کوردەکان وەکوو میللەتێک دانا. لەکاتێکدا کە فیئۆدالیسم لەلادێکانی کوردستان زاڵبوو، کۆمەڵگای کوردەکان لە ئەرمەنستانی سۆڤییەت لە قەرەباغیژوورو خەریکی ئەزموونی ئاڵوگۆڕی سوسیالیستیبوون لەناوچە خودموختارەکەی خۆیان(1929- 1923). لەکاتێکدا کە ئێران و تورکیا کوردەکانیان بەتوندترین شێوە خستبووە بەر زمانکوژی و قەومکوژی، لەعێراقی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و لەژێر چاوەدێری کۆمەڵی نەتەوەکان بەکوردەکان ئەو ئازادییەیان دابوو کە زمانی خۆیان لە پەروەردەو فێرکردن و لە بلاوکراوەکانیاندا بەکاربێنن. هەرچەند زۆربەی کوردەکان هەتا ئەم دواییانەش نەخوێندەواربوون، کوردەکانی سۆڤییەت هەتاساڵی 1930 هەموویان بەتەواوی خوێندەواربوون. گەلی کورد لەساڵی 1918وە لەژێر دەسەڵاتدارەتی سیستەمی سیاسی جۆراوجۆردابوون. هەرلە ژێردەسەڵاتی فەرانسە (سووریا 1946- 1920) و بەریتانیاوە (عێراق 1932- 1920) بگرە هەتا پاشایەتی سێکولار [نائایینی، عیلمانی] (ئێران 1979- 1925، عێراق 1957- 1932)، هەتا دەوڵەتی ئایینی (ئێران لەساڵی 1979وە) هەتا ڕژیمە نائایینیو ناسیونالیستە توندرەوەکان (تورکیا لەساڵی 1923وە، عێراق لە 1963وە و سووریا لە 1963).

کاتێک کە یەکەمین دەوڵەتی خودموختار لەچەشنی مودێرن واتە کۆماری کوردستانی ساڵی 1946 لە ئێران دامەزرا، کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی کۆمەڵگەیەکی لادێنشین تێکەڵ لەگەڵ سیستەمی پێشکەوتووی پەیوەندی فیئۆداڵی و ڕێکخستنی عەشیرەتی هەرچەند ڕوو لە فەوتان بەڵام بەهێز، کۆمەڵگای ناوشاری رووڵەگەشەی بەردەوام هەرچەند بە ئەسپایی، بورژوازی پچووکو بازرگانی و ڕووناکبیرانێکی سێکولار (نائایینی) کە خەریکی سەرهەڵدان بوون. هیچ شوێنەوارێک لە گەشەی پیشەسازی مودێرن و پرۆلیتاریا جگە لە ناوچە پەراوێزەکانی کوردستان لە کەرکووک و کرماشان دیارنەبوون. پارچەپارچەبوونی بزووتنەوەی میللی بەهۆی سنوورەکانی دەوڵەتەمیللییەکانەوە پرۆژەی دامەزراندنی میللەت و دەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی میللی کورد

ئاڵۆزتر کردبوو.

## سەرهەڵدان و رووخانی کۆماری کوردستان

دامەزرانی دەوڵەتی کوردی کە لەژێر ئەو هەلومەرجە ژێئۆستراتێژیکەی لە سەرەوە باسکرا، داڕێژرابوو لەوەدەچوو دەستنەدات. بەڵام شەڕی جیهانیدووهەم ترازووی هێزەکانی لەناوچەکەدا تێکداو زەمینەیەکی لەباری بۆ بزووتنەوەی میللی کورد لەئێران پێکهێنا. ڕێک پاشئەوەی کە ئەڵمان ساڵی 1941 هێرشی بردەسەر سۆڤییەت، دووهێزی هاوپەیمان واتە بەریتانیا و سۆڤییەت بەمەبەستی پێشگرتن لەداگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەڵمانەوە هێرشیان بردەسەر ئەم وڵاتە کە ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتی رەزاشادابوو و پشتیبە ئەڵمانەوە بەستبوو. هێزەکانی سۆڤییەت لە باکوورەوە ئێرانیان داگیرکردو بەریتانیا باشووریان گرتەژێر کونترۆڵی خۆیان و لەنێوانیاندا ناوچەیەکی بێلایەن پێکهات.

کوردەکان لە باکوور بەشێک لەبەرئەوەی ئەمکارە خێرا بووبەهۆی رووخانی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی رەزاشا واتە پولیس، ئەرتەشو ژاندارمری لەکوردستان، بەرەوپیری ئەرتەشی سوور چوون. لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی پەهلەوی وشیاری میللی لەناو کوردەکانو تورکەکانی ئازەربایجان ئاشکرا سەریهەڵدا. هێزەداگیرکەرەکانی سۆڤییەت دەستەبەری ئەوەببون کە هەتا ئەوکاتەی کە شەربەردەوامە و ئەوان خاکی ئێرانیان داگیرکردووە، ڕێزبگرن لە تەواوەتی خاکی ئەم وڵاتە. لەهەمانکاتدا ئەوان پیانخۆشبوو هێمنایەتی لەکوردستان و ئازەربایجان بپارێزن چونکوو ئەو ناوچانە لەلایەن بەریتانیاو ئەمریکاوە بەکاردەهێندرا بۆ گەیاندنی یارمەتی مانونەمان بەمەیدانەکانی شەر هەرلە ستالینگرادەوە بگرە هەتا لێنینگراد. کەوابوو یەکیەتی سۆڤییەت نەیدەهێشت کە بزووتنەوەی میللی کوردەکانو ئازەرییەکان هیچهەنگاوێک هەڵگرن بەتایبەت لەنێوان ساڵەکانی 1941 تا 1945. سەرەڕای ئەو سنووردانانە ناسیونالیسمی کوردەکان و ئازەربایجانیەکان ژیانەوەیەکی بەخۆوە بینی.

ئەمریکا تەنانەت پێش کۆتاییپێهاتنی شەڕیش خەریکی یارمەتیدانبوو بە شای تازەی ئێران بۆ تەیارکردنی ئەرتەش و ژاندارمری. خەڵک لەسەرانسەری وڵات بۆ دیموکراسیو سەربەخۆیی دژ بە زاڵبوونی رۆژلەگەڵرۆژ زیاتری ئینگلیسیەکان و ئەمریکاییەکان خەباتیان دەکرد. شیرکەتە ئەمریکاییەکان لە حکوومەتی ئێران خوازیاری بەشبوون لەنەوتی باکووری ئێران کە دەکەوێتە نزیک مەیدانی نەوتی باکوو. یەکیەتی سۆڤییەت ئەمەی وەکوو پلانێک دەبینی کە ئەمریکا بۆ دامەزراندنی پێگەی چاوەدێری بەدرێژایی سنوورەکانی لەگەڵ کۆمارەکانی سۆڤییەت لە کەناری دەریای خەزەر دایدەڕێژێت.

هێزە رۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا کە شکستی ئەڵمانیان پێخۆشبوو، لەهەمان کاتیشدا لە سەرکەوتنەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی یۆنان، ئالبانی، یۆگوسلاویا، چینو باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان هەستیان بە مەترسی دەکرد. بە هۆی ئەم سەرکەوتنانەوە بزووتنەوە رزگارییبەخشە میللیو سۆسیالیستەکان لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ئاسیا کەوتبوونە بارووردۆخێکی لە بارتر. دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان لەهەلومەرجی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا تێدەکۆشان پێشبە تەقینەوە بگرن لە بزووتنەوە دژبە کۆلۆنیالیەکاندا. ئێران، تورکیاو یۆنان لەروانگەی ئەمریکاوە وەکوو ناوچەی گرینگی ستراتێژیک دەژمێردران بۆ دامەزراندنی پێگەکانی لەبەرامبەر یەکیەتی سۆڤییەتداو بۆ دەستبەسەرداگرتنی بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکانی باڵکان ورۆژهەڵاتی ئاسیا. ململانێی دیکەی نێوان سۆڤییەتو دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان، هێندێک کۆنو هێندێکیش نوێ لەئەورووپاو ئاسیا، بە کۆتاییهاتنی شەڕ لەساڵی 1945دا ئاشکرابوون.

لەوەها هەلومەرجێکدا یەکیەتی سۆڤییەت پاشکۆتاییهاتنی شەر ئامادەنەبوو هێزەکانی لە باکووری ئێران بباتەدەر. جگەلەوەش مۆسکۆ ناسیۆنالیستە خودموختاریخوازەکانی لە کوردستان و ئازەربایجان هاندەدا بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار لە چوارچێوەی دەستوور (قانوونی ئەساسی) ئێراندا. «حکوومەتی میللی ئازەربایجان» لە دیسامبری 1945دا دامەزراو «کۆماری کوردستان» لە 22ی مانگی یەکی 1946دا لە شاری مەهاباد راگەیەندرا.(2) هەردوو رژیمی خودموختار بوون بە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان رۆژئاوا بەرێبەرایەتی بەریتانیا و ئەمریکا و پاشایەتی ئێران لەلایەکەوەو سۆڤییەت و کوردەکانو ئازەربایجانیەکان لەلایەکی دیکەوە.

ئێران بەیارمەتی ڕۆژئاوا پرسی خۆدزینەوەی سۆڤییەت لە بردنەدەری هێزەکانی لەوڵات بردە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازەدامەزرابوو. دواهێزەکانی سۆڤییەت لە مانگی پێنجی ساڵی 1946دا خاکی ئێرانیان بەجێهێشتو شەش‌مانگ پاش ئەوەش ئەرتەشی ئێران بەناوی ئەوەی کە دەیهەوێت هێمنایەتی بپارێزێت لەکاتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلەماندا کە قەراروابوو لەونزیکانەدا بکرێت، هێرشی بردەسەر هەردوو حکوومەتەکە. سۆڤییەت هەردوو رژێمە خودموختارەکەی والێکرد کە بەرگری‌نەکەن و لەئاکامدا لە دیسامبری 1946دا بە چالاکی چەکداری‌و هەروەها بە ئێعدامکردنی سەدان کەس لە رێبەران و بەشداربووانی بزووتنەوەکە ئەم دوو رژێمە رووخان.

## ژنانی میللەت

کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ک)ەوە دامەزرا کە خۆی لە مانگی هەشتی ساڵی 1945دا بە هەڵوەشانەوەی حیزبی ناسیونالیستی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» کە بە کۆمەڵەی ژ. ک دەناسرا، دامەزرابوو. ئەم رێکخراوەیە نهێنی‌بوو و بانگەوازی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد کە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە بگرێتەوە. کۆمەڵەی ژ. ک راگەیەندراوی زۆری بڵاودەکردەوە و هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر بابەتە سیاسیەکان رادەگەیاند. هەروەها کاری چاپو بڵاوکردنەوەی نهێنیشی دەکرد. بۆنموونە بڵاوکردنەوەی شێعری میللی، رۆژ ژمێری کوردی و گۆڤارێکی زۆر خۆشەویست بەناوی *نیشتمان*. زۆرجار کۆمەڵەی ژ. ک وەکوو یەکەمین حیزبی کوردی بە روانگەی مودێرنەوە دادەنرێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ئەندامانی پیاوی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازی ناوشار بوون. لەروانگەی ئەم رێکخراوەیەوە عەشیرەگەری‌و فیئۆدالیسم یان بەواتایەکی باشتر خاوەن‌ملکە دەرەبەگ و عەشیرە نامیللیەکان کۆسپی سەر رێگای گەشەکردنی میللەتی کوردو بزووتنەوە سیاسیەکەی بوون. ئەمان هەرچەند داوای رێفۆرمی زەوی‌وزاریان نەدەهێنایەگۆڕ، لەهەمان کاتدا یەکەمین رێکخراوی کوردی بوون کە لەسەر پێداویستی باشترکردنی باری ژیانی جووتیاران پێیان‌دادەگرت.

چوار دوژمنی سەرەکی دەرەوەی کۆمەڵەی ژ. ک بریتی بوون لە چوار حکوومەتی ئێران، تورکیا، عێراق‌و سووریا کە دەسەڵاتداربوون لە کوردستان و مافی میللی کوردەکانیان پێشێل‌دەکرد. دوژمنە سەرەکییەکانی ناوخۆ بریتی‌بوون لە عەشیرەگەری، نەخوێندەواری، گەشەنەکردنی ئابووری‌و پیشەسازی. لەم چوارچێوەدا ژنان هەرتاوێ نەتاوێک بانگهێشتن‌دەکران بۆئەوەی لەگەڵ پیاواندا رێکبکەون و لە رزگارکردنی دایکی نیشتماندا بەشداربن. لەشێعرێکدا لەژێر سەردێری «ئاخافتنی خوشک و برایان»کە لە گۆڤاری نیشتماندا (4–23 ،1944–1943) بڵاوکراوەتەوە خوشکێک بە براکەی دەڵێت کە ئیتر نابێت ژێردەستەیی قبووڵبکاتو لەبەرئەوەی کە هەموو گەلانی دیکە رزگاربوون ئەویش پێویستە ژیان‌و ماڵی خۆی بۆ ئامانجی دایکی نیشتمان بەخت‌بکات. براکەی دەڵێت:

«دێدە»گیان: کچەکوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووری لە پەڵە
«لێنین» هەڵستا زوڵمی «چار» شێوا
تۆ هێشتا حەبسی لەژێر چارشێوا
کچی هەمووکەس ئیمرۆ سەربەستە
هەر حەقی کچی کوردە پێ‌پەستە
بپسێنە لەپێت تۆ زنجیرو کۆت
«دێدە» گیان بەیاری برای خۆت
لەرێی نیشتمان بەهیوای خودا
خەریکی کاربین باخوشک‌وبرا
لەگوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەرنێ لەخاکی کوردان!

ئەم ناوەرۆکە بەدرێژایی سەدەیەک لە شێعری ناسیونالیستی کوردیدا دووبارە کراوەتەوە. ژنی کورد

شۆخو داوێنپاکە بەڵام وەکوو پیاوان لەلایەن دوژمنەوە ستەمی لێدەکرێت. ئەودەتوانێت بەیارمەتی پیاوان هەروەکوو ژاندارک دایکینیشتمان رزگاربکات. هەرلەژمارەیەی *نیشتمان*دا (30–29 ،1944– 1943) وتارێکی کورت سەبارەت بە «حەیرانخانمی دونبلی، ژنی شاعیری کورد» هاتووە. شێعرەکە بە زمانی فارسیە و لەوەدەچێت کە نووسینەکەی هەرلەبەر ئەوەیە کە دەسکەوتەکانی ژنانی کورد لە مەیدانی شێعردا نیشانبدرێت. دوایین ژمارەی *نیشتمان* (9–8–7– هاوینی 1944:10) وێنەی دوو ژنی کوردیتێدایە کە لە تورکیا ئێعدام کراون. شێعرەکانی ژێر وێنەکان نموونەی چۆنیەتی ناساندنی سیمای ژنە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە.

هەرکەس جنێوبدا بەکەسێک پێیدەڵێ برۆ،
بێغیرەتیت، وەکوو ژنی، دەرپێت ژنانەبێ
کوانێ لە گیتیا وەکوو ئەو دووکچە کورێک،
بۆنیشتمان لەداری سیاسەت نیشانەبێ!
ئەو دوونەمامە بوون بەفیدای نیشتمانی کورد،
ئەی خۆزگە بەوکورەی وەکوو ئەو دوو کچانەبێ!

ئەم شێعرە بەو ژنانەدا هەڵدەڵێت کە لەگەڵ دوژمندا شەردەکەن، بەڵام هەموو ژنان دەخاتەبەر توندو تیژی سیمبولیکی پیاوسالارانەوەو خۆیانو تەنانەت جلەکانیشیان وەکوو `خوێری` لە قاودەدات. ژنان و پیاوان هەر لەکاتی خەباتکردندا بۆ ڕزگاری میللەت دەتوانن لە ئاستێکی یەکساندا جێگایان بێتەوە؛ بەڵام ئەوەندەی دەگەرێتەوەسەر ژنەکان خۆیان، جنسیەتیژنانەیان جیاناکرێنەوە لە پرۆژەی دروستکردنی میللەتدا. پاکبوونی میللەت و تواناییەکانی لە داوێنپاکی ژنەکانیان جیاناکرێتەوە. ئەگەر قەراروایە کە دایکینیشتمان لە زاڵبوونی دەرەکی پاکبکرێتەوە ژنی دڵخوازیش هەربەم چەشنە دەبێت کچێنیەکەی بمێنێتەوەو بەشێوەی یاسایی داگیربکرێت.

ئامانجی کۆمەڵەی ژ.ک پێکهێنانی یەکمیللەت بوو لەڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکەوە بۆ فەرمەنرەوایی بەسەر کوردستانی گەورەدا. جەوهەری ئەم دەوڵەتە ڕوونەکرابووەوە هەرچەند کە رێکخستنی ’دیموکراسی’ وەکوو برگەیەکی مەرامناکەکەیان راگەیەندرابوو.(3) هەچۆنێکبێت سەرقاڵی سەرەکی کۆمەڵەی ژ. ک رێک وەکوو بزووتنەوە میللیەکانیدیکە، تەنها یەکێک لە لایەنەکانی دیمۆکراسی واتە سەربەخۆبوون لە دەسەڵاتی دەرەکی بوو. کۆمەڵەی ژ. ک لەپێداویستیەکانی دیکەی ژیانی دیمۆکراتیک واتە یەکسانی ژنو پیاو پشتگیری سەرزارەکی دەکردو بیری لە نەهێشتنی پەیوەندی دەرەبەگایەتی نەدەکردەوە. ژنان ملکو دایکی داوێنپاکی میللەت بوون.

کۆمەڵەی ژ. ک جگەلە پروپاگەندە لەڕێگای دەزگای چاپەمەنی و شێعرەوە، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کەڵکی لە شانۆگەری وەردەگرت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی میللی. یەکەمین بەرێوەبردنی شانۆ لە باکووری کوردستانی ئێران کە لە لایەن کۆمەڵەوە نووسراو چووە سەرشانۆ ، «دایکی نیشتمان» بوو. لەم شانۆیەدا دایکی نیشتمان لەزنجیردایە، جلی ڕەشی لەبەردایەو قژەکانی سپیبووەو لەبەرداماوی داوادەکات لە «کورەکانی» کە لەژێر کۆتوبەندی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، تورکو عێراقی رزگاریبکەن. لەم پەردەیەدا فیرمێسک لەچاوی بینەران دێتەخوار. لەپەردەی دواتردا کوڕەکانی دایکی نیشتمان وەڵامی ئەم داخوازییە ئەدەنەوە، چەکهەڵدەگرن و داگیرکەران راودەنێنو ئەویش رزگاردەکەن. دوایین پەردەی شانۆکە بەدەسەڵات گەیشتنی دایکی نیشتمانە – دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. پێنج بەشی شانۆکەو پشووەکان بەشێعری حاجی قادریکۆیی وسرودی میللی رازابوونەوە. ئەم شانۆیە کە پەیتاپەیتا لە ساڵۆنیپرلە بینەردا لەمەهابادو شارەکانی دیکە نیشاندەدرا، کاریگەریەکی قووڵی هەبوو. ئەم شانۆیە وەکوو یەکێک لەساتە شکۆمەندەکان لەبیری خەڵکی ناوچەکەدا ماوەتەوە. جێگای سەرسووڕمان نیە کە کۆمەڵە کەبەرهەمهێنەری ئەم شانۆیەبوو، نە هەوڵێئەداو نەدەشیتوانی شانۆگەرێکی ژن بۆ گێرانی ڕۆڵی دایکی نیشتمان بدۆزێتەوە. تەنانەت بەشێک لە پیاوانی گەنجی شانۆگەرو بەرێوەبەر لەلایەن باوکە ساماندارەکانیانەوە تووشی کۆسپدەبوون لەبەرئەوەی بەچاوی سووکەوە سەیری شانۆیاندەکرد و ئەم چەشنەشانۆگەرییەیان بۆ چینەکانی خوارەوە دادەناو لایان وابوو ئەم شتانە لە گەڵ شەرافەتو متمانەی چینایەتی ئەوان نایەتەوە.(4)

## پێکەوەنانی میللەت لە کۆماری کوردستاندا

کۆمار کە یەکەمین ئەزموونی دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار لەچەشنی مودێرن بوو، بەکردەوە لە دەوڵەتی ئێران سەربەخۆ بوو. دامەزرێنەری کۆمار نەک سەرۆکایەتیەکی عەشیرەتی و دەرەبەگانە بەڵکوو رێبەری حیزبێکی نوێ بوو لەچەشنی رێکخراوی ئاڵوگۆڕپێکراوی کۆمەڵەی ژ. ک. ئاڵوگۆڕی سەرەکی لە کۆمەڵەی ژ. ک دا لابردنی خواستی پێکهێنانی کوردستانی گەورەبوو. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر هەبوونی سۆڤییەت لەناوچەکەدا کە حکوومەتەکانی ئازەربایجانو کوردستانی دەستەبەرکردبوو تەواوەتی خاکی دەوڵەتی ئێران بپارێزن.

لەباری خەڵکناسیەوە [دێمۆگرافی] شاری پایتەخت واتە مەهاباد کەوتبووە ژێرسێبەری ناوچە لادێنشینەکان کە لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتو دەرەبەگە خاوەنزەویەکاندابوون. ح.د.ک. بەکردەوە بۆ لەناوبردنو یان لانیکەم چاکسازی پەیوەندی دەرەبەگایەتی زەویوزار کە جوتیارانی کردبووە کویلەی زەوی، هیچی نەکرد. ئاکامەکانی سەرنەکەوتن لە نەهێشتنی پەیوەندی دەرەبەگایەتیدا کارەساتئامێزبوون. لەباری سیاسیەوە زۆربەی خەڵک لەژێر کونترۆڵی راستەوخۆی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکاندا بوون؛ هەربۆیە جووتیاران شارۆمەندانی(citizen) کۆمار بەمافی یەکسان لەگەڵ دانیشتووانی شاری پایتەختدا نەبوون.
سەرەرای ئەوەش سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان لە دامودەزگا لەشکری و مەدەنیەکاندا بوونە خاوەنی دەسەڵاتی گرینگ. هەرچەند زۆربەی ئەمانە لەلایەن حکوومەتی رەزاشاوە (1941- 1925) تووشی گوشاری زۆر ببوون، بەڵام بەبێمەیلیەوە چیوونەپاڵ کۆمار و چاوەروانی رووخانی کۆمار و گەرانەوەی حکوومەتی ناوەندی بوون. ئەوان لە هەبوونی سۆڤییەت، هەڕەشەی کۆمۆنیسمو سەربەرزکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کوردی ناوشارەکانو دەستتێوەردانە ناو کاروبارەکانیان دەترسان. ناسیۆنالیستەکانی ناوشار هەرچەند خوازیاری نەمانی عەشیرەگەریو دەرەبەگایەتی نەبوون، رەخنەیان هەبوو لەهەلومەرجی ستەمکارانەی لادێکان و دڵگرانی خەیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان بوون بە بزووتنەوەی میللی.

کۆمار ئەو سیستەمە ئیدارەیەی پیگەیشتبوو کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لەشاری مەهابادو لەناوچەکە دامەزرابوو. حیزب، بوورۆکراسی ئیداری کوردداندبوو، لەکاتێکدا کە ئەرتەشو ژاندارمری چەککرابوونو لەباتی ئەوانە `ئەرتەشی میللی`دانرابوو کە بەزۆری لەژێر فەرمانی ئەو ئەفسەرە کوردانەدابوون کە لەناو هێزە چەکدارەکانی ئێران و عێراقەوە راپانکردبوو. کابینەو شورایەک پێکهاتبوو و دامەزراوی فەرهەنگی وەکوو کتێبخانە، ئیزگەیەکی رادیۆ، سینەما، چاپخانەو رۆژنامە بەرپاکران. حیزب بەپێکهێنانی بەشیلاوانو رێکخراوێکی ژنان پەرەیدا بەچالاکیەکانی خۆی. بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی دوکاندارە پچووکو دەستەنگەکان چەند هەنگاوێک هەڵگیرا. بەڵام سەرەرای بەڵێنی خۆتێوەردان لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی زەویوزار بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولا واتە خاوەنملّکەکانو جووتیاران، ئەم پەیوەندیانە هەروەکووخۆیان مانەوە.(5)

## دایکی میللەت

خاکی کۆمار هەربەشەکانی باکووری کوردستانی ئێرانی دەگرتەوە. دانیشتوانی پایتەختەکەی واتە شاری مەهاباد نزیکەی 16000 کەس بوو و گرینگترین شارەکانی بۆکان، نەغەدە و شنۆ بوون. بەپێی ئاماری حکوومەتی دانیشتووانی مەهاباد لە کۆتایی ساڵی 1948 دا نزیکەی 16455 کەس بوون کە 8189 کەسیان ژنان و 8189 کەسیان پیاوانیان پێکدەهێنا.(6) ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە کە ساڵی 1951 لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە راگەیەندراوە 15971 کەس بوون.(7) هەر هەمان سەرچاوە دانیشتوانی بۆکان بە 3074 کەس و هی شنۆ 2212 کەس دادەنێت.

لەنەبوونی زانیاری سەبارەت بە سەرژمێری ئەو سەردەمە، زەحمەتە لەسەر باری ژیانی ژنان بکرێت بەدڵنیاییەوە ئاگاداری بدرێت. یەکەمین سەرژمێری گشتی لە ئێران کە لەمانگی یازدەی ساڵی 1956 دا واتە رێک 10ساڵ پاش رووخانی کۆمار بەرێوەچووە، ئامارێکی زیندوومان لەسەر شاریمەهابادو دەوروبەرەکەی دەخاتە بەردەست(سرشماری منطقه مهاباد).

سەرەرای تێپەربوونی دەساڵ، سیمای رووبەدەرەوەی مەهاباد ئاڵوگۆرێکی بەرچاوی بەخۆوە نەدیوە. ژمارەی دانیشتوانی شار گەیشتووەتە 20322 کەس. بەپێی ئەم زانیاریانە، دەساڵ پاش کۆمار تەنها 10٪ ی

ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لە دەساڵ زیاترە خوێندەوارن واتە `دەتوانن بنووسن‌و بخوێنن`. بەکەڵکوەرگرتن لە زانیاریەکانی ئەم سەرژمێریە دەکرێت بروانینە ناوەرۆکی رادەی نەخوێندەواری ژنانی گەورەساڵ (15ساڵ و گەورەتر) لە ساڵی 1946 دا. بۆ نموونە ئەوانەی لەسەرژمێری ساڵی 1956دا تەمەنیان لەنێوان 25تا 34 ساڵدا بووە، ساڵی 1946 لەنێوان 15 تا 24 ساڵ بوون. هیچلەوەناچێت کە کارامەیی خوێندنی ئەم دەستە لەژنان لەماوەی دەساڵدا ئاڵوگۆری بەسەرداهاتبێت. لەساڵی 1956 دا تەنها 6.4٪ ی ژنان و کچان (85 کەس لە 1321 کەس) لەنێوان تەمەنی 25 تا 34 ساڵ خوێندەواربوون. رادەی نەخوێندەواری لەساڵی 1956 دا بۆ تەمەنی نێوان 35تا 44 ساڵ بەتوندی گەیشتووەتە 3.7٪ (27 کەس لە 738 کەس) و بە 0.8 ٪ (6 کەس لە 765کەس) بۆکەسانی نێوان تەمەنی 45 تا 54 دەکەوێتە خوارەوە(8). ئەم ژمارارانە ئەوە نیشاندەدەن کە رادەی نەخوێندەواری بۆ گەورەسالانی ژن (15 ساڵو گەورەتر) لەساڵی 1946دا زیاتر لە 4٪ نەبووە. هەروەها سەرچاوەکانی دیکە دەریدەخەن کە زۆربەی خوێندەواران لەو خوێندنگا مودێرنانەی کە پاش ساڵەکانی 1930 دامەزرابوون، فێری خوێندن ببوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیرەوی خۆی دا کەمانگی دوازدەی 1945 واتە دوومانگ پێش دامەزرانی کۆمار بڵاوی‌کردووەتەوە رادەگەیەنێت کەلە کوردستان و هەروەها لەوئوستانانەی دیکەی ئێران کە کوردیان تێدایە `بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەبێ لەسەربناغەی دێموکراسی رەچاوبکرێت` (بەشی دووهەم، برگەی چوارەم). ئەم بەڵگەیە هەروەها هەربەو زمانەی کە لە مەرامنامەی کۆمەڵەی ژ. ک دا هاتووە رادەگەیەنێت کە`ئامانجی حیزب پەرەئەستاندنی دیمۆکراسی و بەپێی ئەوەش خەباتە بۆ خۆشبژیەتی هەموو مرۆڤێک `(برگەی پێنجەم). یەکسانی نێوان ژن‌وپیاو تارادەیەک بەروونی راگەیەندراوە: `ژنان دەبێ لەهەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتیدا مافی بەرامبەری وەکوو پیاوانیان هەبێت.`(بەشی چوارەم برگەی 21 )(9).

حیزب لەماوەی ژیانی کورت‌و پرلەگێژاوەی خۆیدا نەیتوانی ئەوجۆرەی کە لە پەیرەوی خۆیدا بەڵێنیدابوو کۆنگرە بگرێت. نەشی‌توانی هیچ چەشنە میکانیسمێک بۆ هەڵبژاردن و دیمۆکراسی پارلەمانی دابنێت. حیزب دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕێوەبەری و دادوەری بوو. سیاسەتی بەرابەری جنسیەکەشی گرێدرابوو بە روانگەی ناسیۆنالیستی ڕێبەرایەتی پیاوانەوەو ئەوشێوەیەی‌کە ڕێبەران‌و ژنان تێدەکۆشان لە چوارچێوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسی ئەوکاتەدا دا ئاڵوگۆڕ پێکبێنن.

## حیزبی ژنان

ئەگەر ڕێبەرایەتی کۆمار زوربەی خەڵکەکە واتە جووتیارانی لەمافە دێموکراتیکەکان بێبەش دەکرد، نێوەکەی دیکەی خەڵک واتە ژنان لە ژیانی پایتەختدا بەشێوەیەکی بەرچاو گرینگیان پێدرابوو. لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی `سەربەخۆیی کوردستان` لە 22ی مانگی یەکی 1946دا کە لەچەندین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان‌دا باسکراوە، 23 کەس لە کەسایەتیە سەرەکییەکانی کۆمار وتار پێشکەش دەکەن. لەو شازدەکەسەی کە قسەدەکەن دوانیان ژن‌بوون.(10) وتاربێژانی ژن کەهەردووکیان مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون، ڕێزیان گرت لەسەربەخۆیی کوردستان‌و لەسەر پێداویستی بەشداری چالاکانەی ژنان لەخەباتدا پێدادەگرن. خەجیجەی مەجدی یەکێک لەمامۆستایان گوتی:

> ئەلئان ئەی خوشکەخۆشەویستەکان با ئێمەش چاولە براخۆشەویستەکانمان بکەین ودەستی ئێتیحاد بۆ یەکتر درێژبکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەرێی کچەکانی خۆیەتی کە دەستبە فەعالیەت‌و خوێندین‌بکەن بەڵکوو تائێمەش بگەینە برا خۆشەویستەکانی خۆمان؛ لەبەر ئەوەی دونیای ئەورۆ موحتاجی کچ‌و کوڕە کە بەخوشک‌وبرایەتی دەست بدەینە دەستی یەک بۆ رزگارکردنی دایکی نیشتمان.(11)

ئەم هێڵە سیاسیە کە پێشتر لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک دا بەروونی باسکرابوو، پەیتاپەیتا لە وتارخوێندنەوەی ژنان‌و پیاواندا و لەرۆژنامەکان‌و لە شێعردا دەگوترایەوە.(12)

نزیکەی دووهەفتە پاشتر مامۆستاکانی خوێندنگەی کچان بۆ دەربرینی شادی خۆیان لە`سەربەخۆیی و

ناساندنی ڕێبەری کوردستان ` کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست.(13) بەپێی ڕاپورتی ڕۆژنامە (کە پاش پێکهاتنی حیزبی ژنان بڵاوکراوەتەوە)، `یای پیشەوای کوردستان`، ژمارەیەکی زۆر لەژنانی ئەندامی ح.د.ک و خەڵک لەهەموو چینو توێژەکان لەم کۆڕەدا بەشداربوون. خانمی‌یەکەمی کوردستان سەبارەت بە «پێشکەوتنو ڕێنوێنیکردنی ژنان» قسەی‌کرد. دواتر جووتێک گۆشەوارەی زێڕی پێشکەش‌کرد بە ویلما صیادیان بەڕێوەبەری خوێندنگەکە. خانم لەقسەکانی خۆیدا وەبیری هەمووانی هێنایەوە کە ژنان پێویستە لە ژنانی بێگانەوە فێربن کە`لەوشەڕە گەورەدا کۆمەکی گەورەی مێردی خۆیانبوون`. هەروەها گوتی:

> نابێ هەر چاوەنۆڕی پووڵو لیباسو زێڕبین لەمێردی خۆمان. یایانی [خانمانی] خۆسەویست! منداڵانی خۆتان لەچواردیواری ماڵێدا بەدبەختمەکەنو بیاننێرنە مەدرەسە کەوەکوو پیاو وژنە نەخوێندەوارەکانیان بەسەرنەیەت و بتوانن دیفاع لە حقووقی میللی خۆیان بکن و بەتایبەتی ژنانی کورد لەریزی ژنانی خارجەی موتەمەدین‌دا ڕاوەستن.

وتاربێژی دواتر بەڕێوەبەری خوێندنگەی کچانە بوو کە پێیداگرت لەسەر پەروەردەکردنی ژنان و یەکگرتنی ئەوان لەگەڵ پیاوان بۆئەوەی میللەتەکەیان بتوانێت پێشکەوێت. سێهەمین وتاربێژ عیسمەتی قازی `کچی ڕێبەری کوردستان`بوو کە گوتی ئێمە ژنان دەبوو چەندین جار جێژنی ڕزگاربوونمان بگرین بەچەشنێک کە `تاهەموو دنیا تێگەییبان کە ژنی کوردی لەپیاوان ئازادیان پێخۆشترە`. چوارەمین وتاربێژ کوبرا عظیمی کە مامۆستابوو، زۆربەتوندی ڕەخنەی لە ژنانی مەهاباد گرت:

> چونکە ئێمەزۆر لەپاشین کارمان گرانترو کۆڵمان قورستردەبێ. ئەمما دەبێ بزانین کە ئەوبارو کۆڵە گرانە چلۆن لەسەرشانی ئێمە لادەچێ. هەڵبەتە ئەوبارە سەنگینە بەقووەی عەقڵو عیلم لادەچێ. ئەمما داخەکەم خەڵکی مەهاباد وانازانن. مەسەلەن ئەو کچە نەوجەوانانەی خۆیان بەدبەختو بێسەواد دەکەن. دەڵێن ڕۆڵە جووتێ گۆرەوی بچنە یا کڵاوێ بدروو یاخەیر دەڵێن:`ئەمن کچی خۆم بۆ مەدرەسە نابەم بێ‌ئەدەب دەبێ. خانمانی عەزیز، دەبێ بێ‌ئەدەبی ئێمە چبێ؟ ئەو کەسانەی کە ئەو فکرەیان کردووەتەوە لە ڕێگای ڕاستی دوورکەوتوونەتەوە و لیان‌حاڵی نەبووە. مەسەلەن من شەخسی خۆم زۆر لەمەجلیسان گوێم لێبووە هەروەخت کە ئێمە دەبینن دەڵێن ئەوە موعەلیمەکانن`و بەچاوێکی زۆرکەم تەماشای ئێمەدەکەن. ئەگەر ئێمە چاولە زمانو کیتابانی خارجیەکان بکەین زۆرغەمگین دەبین و دەڵێین خودایا ئێمەش وەکوو ئەوانە عەبدین؟ بۆدەبێ ئەلئان لەشارێکی وەکوو مەهابادا لەقیسمەتی ژناندا نە جەڕراحێک، نە حەکیمو نە ددانسازێک یا مامانێکی ڕەسمی نەبێ؟

وتاربێژ دواتر داوادەکات لەژنان کە خۆشحاڵبن لە ڕووخانی دیکتاتۆری ڕەزاشاو `لەناردنی کچی خۆیان بۆ مەدرەسە تەقسیر نەکەن`ئەوجێگایەی کە بە زمانی دایکی‌خۆیان فێری خوێندن‌دەبن. پاشان بەشداربووان یارمەتی ماڵی دەدەن بە ح.د.ک.(14) ڕۆژنامە نێوی 41 ژنی نووسیوە کە پارەو زێڕیان داوە بە حیزب. سەمەرە ئەوەیە کە هەموو ئەم ژنانە بەناوی مێردەکانیانەوە ناسێندراون. بۆنموونە خانمی ئاغای صالح شاطری. هەفتەیەک پێش ئەوە ، ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر دانیشتنێکی کۆنفرانسی خانمان لە مەهاباد نووسیوە:

> کونفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردو شورەوی[سۆڤییەت]
>
> ڕۆژی جومعە 1324/12/17(هەشتی مارسی 1946) لەلایەن یای پێشەوای کوردستان کونفرانسێک بۆ بیرئاچغبوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لەیانەی فەرهەنگی کوردو شورەوی گیرا؛ لەم کونفرانسەدا ژمارەیەکی‌زۆر لەیایەکانی[خانمەکانی هاوسەری] ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و ئاموژگاران[مامۆستایان]و شاگردانی مەدرەسەی کچانو کارگەرانی حیزبی‌دیموکراتو ئیداراتی حکوومەتی و توججارو کەسەبە، بە پێی بانگهێشتنێ کەلە پێشدا کرابوون حازربوون. دەپێشدا یای پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهمیەتی خوێندنی ژنوکچ وپێشکەوتنی ئیتیحادیەی ژنانی شورەوی و پێویستی شناسایی دەگەڵ وان ئیرادکرد. دوایە عیددەیەکی زۆر لە ئاموژگارانو شاگردانو یایانی دی نطقو خطابەیان خوێندەوە وکۆنفرانس

کە لە ساتی دووی پاشنیوەڕۆە گیرابوو لە ساتی پێنج دوایی هات.(15)

هیچ ناوێک لە هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن کە لە یەکیەتی سۆڤییەت بەردەوام بەڕێوەچووە نەبراوە. هەفتەی دواتر ڕێکخراوی ژنان پێکهات. ڕاپۆرتێکی کورت لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە:

سازکردنی حیزبی دیموکرات (لەلایەن ژنانی کوردستان)

ڕۆژی جومعە1324/12/24 (15 مارسی 1946) لەلایەن یای پێشەوای کوردستانەوە لەژمارەیەکی زۆر لە یایانی تێگەیشتووی کوردستان گیردرایەوە و لەساتی 3ی پاشنیوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوە و بەسەرۆکایەتی یای پێشەوای کوردستان (مینا خانم [وشەیەک ناخوێندرێتەوە]) حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە یایان نێونووسیان کرد و مانگانەی ئەندامەتیان لە تمەنێک تا دە تمەن وەئەستۆگرت.(16)

ناوی ڕیکخراوەکە لە ژمارەجۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەکەدا جیاوازە؛ بۆ نموونە، یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستان (17) و حیزبی یایان(18).

ئەم ڕێکخراوە باڵی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانبوو. حیزبی ژنان کە بەهیچشێوەیەک بەرهەمی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی نەبوو، لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسیەوە دامەزرا کە پیاوان دەسەڵاتی زاڵیان بەسەریدا هەبوو. سیمای بەڕێوەبەر `یای مینا` هاوسەری سەرەککۆماربوو.

حیزبی ژنان لەرواڵەتدا ڕێکخستنێکی شلوشەوێڵی هەبوو. پاش یای مینا کە ڕێبەری ڕێکخراوەکە بوو، سەرۆکی دە گەڕەکی مەهاباد بوون. لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە داهاتو مەسرەفی حیزبی ژنان لە سێهەمین مانگی بەهاردا (جۆزەردان)، ناوی ڕێبەران و داهاتەکانی (مافی ئەندامەتی) هەموو گەرەکەکان نووسراوە:(19)

| | | |
|---|---|---|
| 1- کلثوم سلطانیان | هەرمەنیان | 1305.00 |
| 2- خورشید شاطری | بازار | 282.5 |
| 3- خەدیجە قاضی | چۆمێ | 227.5 |
| 4- سەید عایشە شاطری | حاجیحەسەن | 822.5 |
| 5- صدیقە وەلیزادە | خڕێ | 936.5 |
| 6- زیبا خانم | قوڵەقەبران | 230.0 |
| 7- ئامینە داودی | قبیلە | 210.0 |
| 8- زارای مەولەوی | رزگەیان | 0.200 |
| 9- پیروزە موشیری | جامیعا | 120.0 |
| 10- ماوزەر بلەزادە | یەهوودیان | 95.0 |
| | **تێکرا** | **4429.0** |

داهاتی دوومانگی هەوەڵی بەهار 9291 قڕان بوو. مەسرەفەکان بریتیبوون لە کرێ(1200 قڕان)، گۆرینی کەلوپەل و رووميزیەکان (5200 قڕان)، مانگانەی دوومانگی کارمەندێکی ژن (400 قڕان)، مانگانەی سێ مانگی کارمەندێکی دیکە (600 قڕان)، هاتوچوو و خەڵووز (80 قڕان)و جارچی شار (60 قڕان) کە سەرجەم دەبێتە 7540 قڕان.(20) حیزب سەرەتا لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا نیشتەجێ ببوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە گواستیانەوە خانوویەکی بەکرێ. لە ئاگاداریەکی کورتدا داوادەکرێت لە`یایانی خوێندەوار` کەهەرکەس پێی خۆشە بۆ ئەم کارانەی خوارەوە داوای خۆی بنێرێت:`حیسابدار، خەزانەدار، مونشی و صندووقدار.`(21)

یەکەمین ئامانجی حیزبی ژنان وەگەرخستنی ژنانی گەورەساڵبوو بۆ پشتگیری لە کۆمارو لە میللەت. لەبەرئەوەی کە زۆربەی ئەم ژنانە نەخوێندەواربوون، حیزب کلاسی فێرکردنیخوێندن و هەروەها کۆڕوکۆمەڵی نارەسمی بۆ ڕێکدەخستن. چالاکی دیکە بریتیبوون لە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵیبۆ ئەرتەشی میللی، بەشداری لەخۆپیشاندانەکان، ڕێپێوانەکانو نووسین لە رۆژنامەکاندا. یارمەتیدان بە ئەرتەشی میللی بریتیبوو لە

چنینیجلوبەرگو گۆرەوی بۆ پێشمەرگەکان. ڕێکخراوی ژنان لە کۆمار سیمای حکوومەتێکی مودێرنی نیشاندەدا کە لایەنگری پێشکەوتنی ژنانبوو.

ناسیۆنالیستەکان لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە جەختلەسەر ئەوەدەکەن کە پەروەردەکردن گرینگترین مەرجی رزگاری میللیە. بەدرێژایی سەدەی بیستەم زۆرێک لەرووناکبیرانی هەردوو جنسەکە، خوازیاری ئەوەبوون کە پەروەردە ئامادەبکرێت بۆ ژنان. سەرەرای ئەوەش هێندێک لەدایکو باوکەکان لەوانە دایکانی مەهاباد لەبەرامبەر ئەو شاڵاوی ناردنی کچانبۆ خوێندنگەدا رادەوەستان. رەخنەی کوبرا عەزیمی لەو دایکوباوکانەی کەئامادەنەبوون کچەکانیان بنێرنە خوێندنگە هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ململانێیەک نیشاندەدا لەنێوان ناسیۆنالیستەکانی لایەنگری بەشداریدانی ژنان لەناو میللەتدا و ئەوبۆچوونە نەریتیەی کە تێیدا سازگاری کۆمەڵایەتی پێشسەرمایەداری و پەیوەندی دوو جنس دووبارە دێتەوە بەرهەم. لەراستیدا ڕێبەرایەتی تەواو پیاوانەی کۆمار و بەتایبەت خودی سەرەککۆمار زیاترلە زۆرێک لەژنەکان لایەنگری پەرەپێدانی فێرکردنبوون لەناو ژناندا. بۆ نموونە بەرپرسی ح.د.ک. لە شنۆ یەکەمین خوێندنگەیکچانەی ئەمشارەی کردەوە. لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەمخوێندنگەیەکە لەلایەن حەسەن کاظمی بەرێوەبەری خوێندنگەکەوە نووسراوە، هاتووەکە `پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری ح.د.ک. بکەن بۆئەم خزمەتەگەورەیەو بەخۆشیو مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە.`(22) جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە کوردستانێکی رزگارکراو پێویستی بە ژنانی پەروەردەکراو هەیە. ئازادی، رزگاری و پەروەدە لێکجیاناکرێنەوە. گەورەترین دە سکەوت ئەوەیە کە وەکوو پیاوبن.ژنێکی نەخوێندەوار بارێکە بەسەرشانی میللەت و مێردە خوێندەوارەکەیەوە. پیاوێک لەوتارێکدا سەبارەت بە `حاملاندنی[فێرکردنی] ژنان` نووسی:

> رۆژێک لەئیدارەی فەرهەنگەوە بۆماڵێ دەچوومەوە. دیتم ژنێک لەبەردەرکی کانگای حیزبیدیموکراتدا راوەستاوە. رووی تێکردمو بە لەهجەیەکی ژنانە کە مەخسووسی ژنینەخوێندەوارو سادەی وڵاتی ئێمەیە لێیپرسیم `ئەرێ براله ئێرە کوێیە؟` دیتم ئەگەر بڵێم کانگای حیزبی دیموکراتە، نەلە کانگا دەگاو نەلە حیزبو نە لە دیموکرات. ناچار سەرم بەرداوەو لەپاش کەمێک بیرکردنەوە گوتم:` لێرە چەنکەس لەگەورە گەورانی کوردی کە لەکن یەکەوە خڕدەبنو لەکاروباری نیشتمان بیردەکەنەوە.`

نووسەر پاشان وایلێکدەداتەوە کە تائەوکاتەی ژنان خوێندەوارنەبنو سەبارەت بەمافی کۆمەڵایەتیو سیاسیخۆیان وشیار نەبنەوە، کوردان نابێ پیانوابێت کەهەنگاوێکی گەورەیان لەرێبازی ئازادیو شارستانیەتدا هەڵگرتووە.(میکائیلی 4: 1946)

ئەندامانی حیزب لەرێگای یارمەتی ماڵیو کۆکردنەوەی پارە لەوکەسانەی کە ئەندام نەبوون پشتیوانیان لە حکوومەت دەکرد. جارێکیان سەرۆککۆمار بە یایمینای گوت کە `شاژنی فەرانسە ئەنگوستیلەکەی خۆی بەخشی بەخەڵکی فەرانسە. ئەی تۆ بۆ واناکەیت. من دڵنیام کە ئەمکارە ژنانیدیکەش هاندەدات کە یارمەتی ماڵی بدەن بەکۆمار.`

## ڕێوشوێنڕدانان بۆ پێکهاتەی هاوسەریەتی

ڕێکخستنی حیزبی ژنان وادیارە بەرچاوترین هەنگاوە کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی حیزبەوە بۆ وەگەرخستنی ژنان لەپرۆسەی پێکهێنانی میللەتدا هەڵگیراوە. هەنگاوەکانی دیکە بەئاراستەی دەستێوەردان لە پەیوەندیە نەریتیەکانی دوو جنسەکەدا هەڵگیراون. یەکێک لەوانە سیاسەتی ناپاسایی‌کردن و سزادانی هێندێک لەشێوەکانی رەدووکەوتنی [ژنانوکچان]ە. یەک لەوبڕیارانەی کە پەیتا پەیتا لەلایەن «هەیئەتی میللی کوردستان»ەوە لە چەندین ژمارەی رۆژنامەدا چاپکران ئەمەبوو:

> ئاگاداری
>
> رەدووکەوتنی کچانو ژنان قەدەغەیە
>
> لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەرپیاوێک بەزۆر ژنیبەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە راکێشێ، دەبێ بکوژرێ و ئەگەر کچێکیش بەزۆر رابکێشێ دەبێ ئەو

پیاوه بکوژرێ. ئەمما [ئەگەر پیاوەکە] کچی خوازبێنیبکا و نەیدەنێ و مانیعی شەرعیش نەبێ و بەمێرد نەبێ و کچەکە رەزای ببێ جەزای نیه. وەگەرنا لە سێمانگەوە تا سێساڵ حەبس‌دەکرێ. 24ی ڕێبەندانی 1324. 1946/1/13.
رەئیسی هەیئەتی میللی‌کوردستان حاجی‌سەید بابەشێخ. (23)

ئەم بریارە لەگەڵ چەند بریارێکی‌دیکە سەربەخۆبوونی‌کۆمار لەسیستەمی دادوەری دەوڵەتی ئێران نیشاندەدات. ئەم یاسایە زۆرتر چاوی‌لە ناوچە عەشایری‌و لادێکانە کە تێیدا ڕەدووکەوتن بەڕێوەدەچوو. ئەم بریارە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئایینیەوە لەپایتەخت دەرچبوو، لەراستیدا درێژەی دەسەڵاتی ناوەند/ شار بوو بەرەو ناوچە ناشاریەکان کەلەژێر دەسەڵاتی ڕێبەرە فیئۆداڵ – عەشیرەکاندابوون. هەروەها ئەمکارە داسەپاندنی سەرەتاکانی ئیسلام‌بوو بۆسەر سیستەمی پەیوەندی نێوان دووجنس کە لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئاییندا راوەستابوون. زمانی ئەم‌دەقەش بەتەواوی پیاوسالارانەیە. لەسەردێری ئاگاداریەکەدا ژن‌هەڵگرتن کە چەمکی لایەنی پیاوانە بۆ ئەمکارە بەکارنەهێندراوە. جێگای سەرنجیشە کە ڕێبەرایەتی کۆمار دەستێوەردانێکی لەم چەشنەی نەکرد لەسەر پەیوەندیەکانی زەوی‌وزار لەناوچەلادێ‌نشینەکان‌و لەو گوندانەی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی باوبوو و تێیدا مافی ژنان بۆ ملکداری زەوی رەچاونەدەکرا. نەریتی بەرپەرچدانەوەی مافی ژنان بۆبەمیرات‌وەرگرتنی زەوی کشت‌وکاڵی دەستدرێژیکردن بوو بۆسەر شەریعەتی ئیسلام کە نیوەی بەشی پیاوانی دەبەخشی بە ژنان. بەڵام تەنانەت نەهێشتنی رەدووکەوتنیش بەتەواوی سەرکەوتوونەبوو.

محەممەدئەمینی مەنگوڕی یەکێک لە ئەندامانی ئیدارەی ئاسایشی کۆمار لەلێکدانەوەیەکی زۆر دەگمەندا گوتی کە دانانی یاسا بۆ ڕەدووکەوتن دژبەریکردنە لەگەڵ دابونەریتی عەشیرەی بلباس لەرۆژهەلاتی مەهاباد. بۆخەڵکی ئەو ناوچەیە ئەمە بەکارێکی `داپڵوسێنەرانەو ناخۆش` ئەژمێردرێت لەبەرئەوەی ڕێگانادات بە `سەربەستی ئەویندارى، دەستبازی، ئەوینداریکردن، هەڵپەرکێی رەشبەڵەک و رەدووکەوتن. ئەمەش گەنجەکان دەکات بە وشکەسۆفی و دنیای ئەوینداریبیان لەسەر دادەخات.` بەباوەڕی مەنگوری رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی دانانی یاسای بەرگری لە رەدووکەوتن کرا چونکوو ئەمکارە وەکوو ئاکارێکی شەرافەتمەندانە مەزەندەدەکرا. ئەگەر ژنێک رەدوونەکەوتبایە، ڕێزی بۆدانەدەنرا. ئەمە بۆپیاوانیش هەروابوو. ئەگەر پیاوێک ژنێکی رەدوو نەخستبایە پیاندەگوت «تۆ پیاونیت؛ ئەگەر پیاوبایەیت ژنێکت رەدوودەخست.» مەنگوری دەڵێ کە `تەنها خۆشبەختییەک کەمێژوو بەکوردانی داوە «دڵداری‌و عەلاقەی جنسیە» و ئەوەیە کە کوردەکان لە چێژوەرگرتن لەم ئازادیانەدا لەئورووپاییەکانیش لە پێشترن. ئەو هەروەها دەڵێت کەئەمکارە کارکردێکی ئابووریشی لەگەڵدایە. مل‌پێوەنانی رەدووکەوتن هەردەم تێکەڵە لەگەڵ مەترسی، بەڵام هەموو لایەنەکانی ئەمکارە دەزانن کە چۆن ئەم ململانێیە کۆتایی پێبێنن. ژن‌وپیاوەکە خۆدەخەنە شوێنێک (لای سەرۆک عەشیرەتێک یان ئاغایەک‌و یان دەسەڵاتێکی ئایینی یان هەرکەسێکی بێلایەن و جێگای ڕێز) و هەتا ئەوکاتەی سازانێک دەکرێت، وازیان لێدێنن؛ عادەت‌وایە کە بەباوکی کچەکە شیربایی ئەدەن و لایەنەکانی دیکەش لەباری ماڵیەوە قازانج‌دەکەن.(**24**)

لەناو ئەو چاکسازیانەی کە بەدەستپێشخەری ڕێبەرایەتی بەرێوەچوو بریارێکی سەرەک کۆماربوو سەبارەت بە بەرێوەبردنی خوتبەی نوێژی جومعە بۆیەکەم جار بەزمانی کوردی. لەناو ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی کە لەم خوتبانەدا بەرجەستە دەکرانەوە یەکێکیان ئەوەبوو کە:`ژنان لەناو کۆمەڵگادا چۆن بن.` بابەتەکانی دیکە بریتی‌بوون لە: خەبات لەدژی خەرافات، ڕێزگرتن لەیاسا ئایینیەکان، تەندروستی‌و دروستکردنی نەخۆشخانە، کارتێکردنی هێمنایەتی لە گەشەکردنی نیشتمان‌و شارستانیەتی کۆنی کوردستان.(**25**)

لەدەوڵەتی خودموختاری ئازەربایجانی دراوسێدا ژنان بۆیەکەمجار مافی دەنگدانی گشتییان وەرگرت. لە کۆماری کوردستان هەرچەند کە باسی دەنگدان نەهاتە ئاراوە، بەڵام سەرەک کۆمار لەگەڵ ئەوەدابوو کە مافی دەنگدانی گشتی بدرێت. لەکونفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە قازی‌محەممەد پرسیارکرا `حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بەژنان، ئایا ئێوەش ئەمکارەتان کردووە؟` وەڵامەکە ئاوابوو، `هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین بەڵام دەبێ ئاگادارتان‌بکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەستبێنین.`(**26**)

## پرسی وشیاری فێمینیستی

لەبەرئەو هۆیانەی لەسەرەوە ئاماژەمانپێکردن، ئاشکرایە کە وشیاری فێمینیستی هێشتا لەناو ژنانی کۆماری کوردستاندا دەرنەکەوتبوو. ژنانی خوێندەوار باوەڕیان بە پەروەردەی ژنانو یەکسانی ڕەسمی هەبوو لەگەڵ پیاوان. بەڵام تەنانەت ئەوانیش بەشێوەیەکی لیبراوانە لەگەڵ سیستەمی پەیوەندیەکانی نێوان دوو جنسەکە نەدەکەوتنە ململانێ. رادیکالترین رەخنە لەلایەن کوبرا عظیمیەوە دەگیرێت کە بووبەهۆی نارەزایی هێندێک لە ژنان. لەڕێگای لاپەرەکانی ڕۆژنامەی *کوردستان*ەوە دەتوانین بەڵگەبێنینەوە بۆ نەبوونی وشیاری فێمینیستی لیبراڵ. یەکێک لە مامۆستایان کە `ئامۆژگاری بۆ ژنان`ی نووسیبوو بۆوێنە ئەڵێت:

هەمووڕۆژێ لەپێش ڕۆیشتنی پیاو بۆبازار دەبێ ژن لەپیاو بپرسێ `ئایا هیچ فرمانت نیە؟`
ژنی چاکو ڕاست تانجی سەری مێردی خۆیەتی
کارێکی مێردت پێی خۆش نیە ئەتۆش پێتخۆش نەبێو قەرەی مەکەوە
تاریفی پیاوی بێگانە مەکەن دەنا مێرد لێتان دردونگ دەبێت
ئەگەر زۆریش دڵتەنگ بوویت دیسان ئەگەر پیاو[ەکە]ت هاتەوە ڕووی خۆت ترشمەکە
هەوڵبدەن خووی مێردەکانتان بناسن تا بەوجورە دەگەڵیان رەفتاربکەن.(**27**)

زۆربەی ئەو ژنوپیاوانەی سەبارەت بە بەشداری ژنان لەژیانی میللەتدا دەیاننووسی، ژنانی `وڵاتانی بێگانە`یان (هەم ئوروپاو هەم یەکیەتی سۆڤییەت) وەکوو مودێلێک دەناساند کەدەبوو ببنە نموونەیەک بۆچاولێکردن. بەپێی ئەم نووسراوانە ژنی بێگانە لەبوارەکانی زانست، تەکنولوژیو هونەردا پەروەردەکراون؛ لەگەڵ پیاوان یەکسانن و هەروەک پیاوان یارمەتیدەری پێکهاتنی میللەتن. جاریوایە ئامۆژگاری حەزرەتی محمدیش بۆ پەروەردەی ژنانوپیاوان هەردووکیان باسکراوە. هەروەها یەک لەوتاربێژان بەناوی خانمی شاسوڵتانی فەتتاحی لە وتارەکەی خۆیدا لەسەر پشتگیری سەرەک کۆمار بۆ پەروەردەی ژنان لەڕێگای ناردنی کچەکانیانەوە بۆ خوێندنگە پێدادەگرێت.(**28**)

بابەتی دیکە تواناییەکانی ژن بوو بۆئەوەی ببێتە شەرکەرێکی چاک. لە وتارێکدا سەبارەت بەژنانی ئازەربایجانی سۆڤییەت (کە لەسەرچاوەکانی سۆڤییەتەوە وەرگیرابوو)، لەسەر ستانداردی باڵای پەروەردەی ژنانو هەروەها یارمەتیەکانی ئەوان لەشەڕی نیشتمانی دژی فاشیستیدا جەختکراوە.(**29**) لەوتارێکی دیکەدا کە سەبارەت بە `ئازادی ئایین لەرووسیەی سۆسیالیستی`دا نووسراوە، لەسەر ئازادبوونی ژنانی سۆڤییەت بۆکارکردن لەدەرەوەی ماڵەوەو لەهەموو بوارەکاندا جەخت کراوە. سەرنجبۆئەوە رادەکێشرێت کە لە ژنانی رووس شانبەشانی پیاوان کاردەکەن. نەبوونی هەڵاواردن لەنێوان ژنانو پیاوانی بێگانەدا هاوتایخۆی لەناو میللەتدا دەدۆزێتەوە. `بڕواننە بارودۆخی ژنانی عەشایری کوردستان ئەوکات دەزانن کە ژنانو پیاوان وێرای یەک کاردەکەن( لەخەرمانهەڵگرتن، لەتۆوچاندن و لە گێرەکردندا) یارمەتی یەکتر ئەدەن، جگەلەوەش ژنان ئاگایان لەمنداڵەکان و ماڵەوەش دەبێت. بەڵام ئەوەی کەژنانی رووس دەیکەن زۆر پربایەخە لەبەرئەوەی کە ئەوان زانیارییان هەیەو پەروەردەیان دیوە؛ ژنانی ئێمە زۆر هیچنەزانن.`(**30**)

## ئەنجام

بابەتی لێکدانەوەکە جەخت لەسەرئەو رەوتانەدەکاتەوە کە لێکۆڵەرانی دیکە لەپەیوەند لەگەڵ بزووتنەوە میللییەکان لە سەرانسەری جیهاندا رەچاویانکردووە. لەکوردستانی ساڵی 1946دا بزووتنەوەی فێمینیستی لەچاو بزووتنەوەی میللی لەپاشبوو. وشیاری ناسیونالیستی زۆر بەربڵاوترو کۆنتربوو. لەکاتێکدا کە ئازادی ژنان، مافی یەکسانو بەشداریکردن لە خەباتدا چوبووە ناو ڕۆژەڤی ناسیونالیستەکانەوە، وشیاربوونەوە لە داخوازیەکانی پلاتفۆرمێکی فێمینیستی کاڵی لیبراڵی بەوڵاوە نەچوو.

یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لەساڵی 1919دا لەلایەن ئەندامانی نوخبەی ناسیونالیستی دوورخراو لە ئەستەمووڵ دامەزرا. ئەم ڕێکخراوەش هەروەکوو تاقمەسیاسیو فەرهەنگیە کوردیەکانی دیکە پاش دامەزرانی کۆماری تورکیا کە لەسەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لەساڵی 1925دا هەموو چالاکییەکی ناسیونالیستی داپڵۆسی،

لەناوچوو. پێدەچێت کە حیزبی ژنان دووهەمین ڕێکخراوی ژنانی کوردبێت. یەکێک لە ئەندامانی ئاریستۆکراتی خاوەن زەوی بەناوی حەفسەخانم لەسەردەمی دەوڵەتی خودموختاری شێخ‌مەحممود لە سەرەتای ساڵی 1920 دا هەڵسووراوبوو. بەڵام کارەکانی ئەو ئاماژەناکەن بۆ سەرهەڵدانی وشیاری یان ڕێکخستنی فێمینیستی. ئەو خانمە پشتگیری‌دەکرد لە ئامانجی ناسیونالیستەکان‌و بەشوێن ڕۆژەڤێکدا دەچوو کە بریتی‌بوو لە گەشەکردنی ژنان‌و بەتایبەت وەدەستهێنانی خوێندەواری‌و پەروەدە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی ساڵی 1946 ژنانی هاندەدا کە بەشداربن لە چالاکی دەرەوەی ماڵدا بەڵام سنوورێکی زۆری دادەنا بۆ هەبوونی ئاشکرای ئەوان؛ ژنان تەنها ئەوکاتە بەراوردەکران کە بتوانن یارمەتی پیاوان بدەن بۆئامانجی میللی. کۆمار یەکەم دەوڵەتی کوردی بوو کە خواستی دێموکراتیک‌و مودیرن بوونی هەبوو. پێکهێنانی حیزبێکی ژنان ئەم سیمایەی بردەسەرەوە: ژنان هەرلە سەرەتای حکوومەتی خودموختارەوە لە مەیدانە گشتیەکاندا دیاربوون. بوونی حیزبی ژنان ئامادەبوونی ژنانی لە ژیانی سیاسی کۆماردا بە شێوەیەکی فۆرمی ڕاگەیاند بەڵام لە هەمانکاتدا پاکانەکردنێک‌بوو بۆ وەلانانی ئەوان لە ئاستەکانی بڕیاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم حیزبە وەکوو ڕێکخراوی ژنانی ح.د.ک. هەروەها ڕەسمییەتی‌دا بە جیاکردنەوەی ریزەکانی حیزب بەپێی جنس‌و ئەوەی کەهەرکامەیان ڕێکخراوی خۆیان هەبوو. ئاشکرایە کە ئەم دوانە لەبارودۆخێکی یەکساندا نەبوون.

ڕۆژنامەی *کوردستان* کەهەردووڕۆژ جارێک دەردەچوو، لەگەڵ چەندین گۆڤار و دواتریش ئێزگەیەکی رادیۆ، ئەمانە نیشاندەری نۆمای گەردوونی گشتی (Public Sphere)یەکە واخەریکی پێکهاتنە. بەڵام لەکاتێکدا کە نوخبەکان و دەوڵەمەندەکان رادیۆیان لەبەردەستدابوو، باقی‌خەڵکی پایتەخت دەیانتوانی گوێڕایەڵی ئەو بڵیندگۆیانە بن کە لەسەر چوارڕێانەکان دامەزرابوون. هەرچۆنێک بێت گرینگە سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت کە تەواوی بڵاوکراوەکان‌و ئێزگەی رادیوکەش هی حیزبی‌دیموکراتی کوردستان بوون و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەچوون. ئەمەش ئەو هەل‌ومەرجەنیە کە لە گەردوونی‌گشتی بچێت کە تێیدا وێژەران/گوێگران و نووسەران/ خوێنەرانی جۆراوجۆر لەدەسەڵاتی بەرێوەبەر سەربەخۆن. سەرەرای ئەوەش کەش‌وهەوایەک بۆباسکردنی چالاکی ژنان و سیاسەتی رەسمی سەبارەت بە دوووجنسەکە دەستەبەرکرا.

دەوڵەتی میللی ئازەربایجانی دراوسێ لەکۆماری کوردستان رادیکاڵتربوو. لە ئازەربایجان بەپێچەوانەی کوردستان چاکسازی زەوی‌وزار هەرچەند سنووردارێش بەرێوەچوو و مافی ژنان بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەرەسمی ناسرا. پایتەختی ئازەربایجان واتە تەورێز دووهەمین شاری گەورەی ئێران بوو و تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە گەورەترین ناوەندی شاری لە وڵات ئەژمێردرا. ئێرە هەروەها ناوەندی شۆرشی رادیکاڵی مەشرووتییەتی ئێران لە ساڵەکانی 1911-1906 بوو. میرجەعفەری پیشەوەری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان‌و سەرۆک وەزیری حکوومەتی میللی بەیەکێک لەسیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی کومونیستی وڵات دادەنرا. هەبوونی هێزەکانی سۆڤییەتیش لەناوچەکەدا فاکتەرێکی دیکەبوو. بارودۆخی پێشکەوتووی ژنان لەکۆمەڵگای سۆڤییەت یەکێک لەوبابەتانەبوو کە پەیتاپەیتا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ بەگوتن و چ‌بەنووسین دەهاتنە گۆڕ. لە بڵاوکراوەکانی کوردستان و ئازەربایجاندا بەشداری ژنانی سۆڤییەت لە شەڕی دژی فاشیسمدا بەردەوام وەکوو بەڵگەیەک بۆئازادی ئەوان نیشاندەدرا. گرینگەبزانین کە مافی ژنانی فەرانسە بۆ بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا تەنها لەساڵی 1944 واتە دووساڵ پێش ئازەربایجان بەرەسمی‌ناسرا.

نیوسەدە پاش پێکهاتنی حیزبی ژنان وادەردەکەوێت کە بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان هێشتاش هەر وەدوای بزووتنەوەی میللی دەکەوێت. سەرکوتی توندوتیژی میللی سێبەری خستووەتەسەر سەرکوتی جنسی‌و چینایەتی؛ تەنانەت جەختکردنی ڕێبەرانی ناسیونالیست لەسەر خەباتی میللی لەوەش ڕێگرترە؛ ئەوان بە ئاشکرا پێشتریەتی ئەدەن بەخەباتی‌میللی تا بەخەباتی چینایەتی‌و هەروەها یەکسانی دووجنسەکە. زۆرلە حیزبە ناسیونالیستەکان کەم بایەخدەدەن بە پێشتریەتی چینەکان‌و جنس و ئەم بابەتانە ئەهێڵنەوە بۆداهاتوو. دوو حیزبی سیاسی واتە کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران) و حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ‌ک‌ک) لە خەباتی چەکداری‌و ڕێکخستنی سیاسیدا مەودایەکی زیاتریان بەخشیوە بەژنان. دەوری ژنان لە پ‌ک‌ک دا ساڵی 1946مان وەبیردێنێتەوە. لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆری ژنان خۆیان خەریککردووە بە هەڵسوورانی نانەریتی(وەکوو چالاکی چەکداری لەشەڕداو لەدەرەوەی شەڕیش، ڕۆژنامەگەری‌حیزبی‌و کاری

بەکۆمەڵ)، هیچکامیان نەگەیشتوونەتە پلەی باڵای ڕێبەرایەتی. هێندێک لەحیزبەسیاسیەکان وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، ئەویان زیاترو ئەمیان کەمتر لەراستیدا پێشیان بە گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان گرتووە. بۆنموونە پارتی وانیشاندەدات کە کۆمەڵگای کوردستان ئیسلامیو نەریتیە وهەربەوپێیەش ژنان دەبێ فۆرمە نەریتی ۆ ئایینیەکانی دەسەڵاتی پیاوسالاری پەیرەوبکەن. ئەم تاقمە لە ناسیونالیستەکان بە جەختکردن لەسەر دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورستان زیاتر دڵلەدوابوونی خۆیان بۆ پیاوسالاری دەردەبڕن تاوەکوو بەرژەوەندی ژنان لە نەریتگرایی.(**31**)

سەرهەڵدانی شارنشینی، پێکهاتنی چینی ناوەراستو چینیکرێکار، گەشەی پەروەردەو دەرکەوتنی Diaspora (کۆمەڵی دوورخراو و کوچکردوو)ی کوردەکان لەرۆژئاوا، هەموویان یارمەتیدەرن بۆگەشەکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی و پەیوەندی ڕۆژلەدوایڕۆژ زیاتری لەگەڵ فێمینسمی رادیکاڵ و سوسیالیست. رەخنەگرتن لە سیستەمی پیاوسالاری لەلایەن ئەوفێمینیستە کوردانەوە کەسەربەهیچ حیزبێکنین ماوەیەکە دەستپێکردووە. نووسەرانی کورد، بەژنو پیاوەوە توندوتیژی پیاوسالارانەیان چلە کوردستانو چ لەناو دیاسپۆرادا خستووەتە ژێرپرسیارەوە.

مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی کوردستان هەروەکوو خودی خەڵکی کوردستان سەرکوتکراوە. زانیاری لەسەر دەسکەوتەکان و شکستەکانی زۆرکەمە. دەرخستنی ئەم مێژووە لەگرەوی پێشکەوتنی خودی بزووتنەوەکەدایە.

جیاوازییەک لەنێوان کوردستانو رۆژئاوادا، سەرکەوتنی ناسیونالیسمە لە `دیموکراسیە رۆژئاواییەکان`دا. لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە ناسیونالیسمی رۆژئاوایی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەدەستدایە، میللەت و دەوڵەتی میللی خۆی پێکهێناوە. هەرلەسەرەتاوە `میللەت` ژنانی دەرهاویشتەدەر (لەناو سەرچاوەگەلێکی روولەزیادبووندا بروانە نێلسۆن Nelson 1998). لەهیچ شوێنێک ژنان بە شارۆمەندی تەۆاو نەژمێردرانو زیاترلە یەک سەدە خەباتی فێمینیستی پێویستبوو تا ڕێگایان پێدرا کە بتوانن کەڵک لەمافەکانی شارۆمەندێتی خۆیان وەکوو مافی دەنگدان وەرگرن. ژنان لەراستیدا لەڕێگای خەباتی سیاسی رێکخراو و رووبەڕووبوونەوەی بەربڵاوی تێئۆریک لەگەڵ پیاوسالاریدا توانیویانە لەزۆربەی `دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکاندا` یەکسانی یاسایی وەدەستبێنن. بەڵام نابەرابەربوون ریشەکەی لەخودی کۆمەڵگای سەرمایەدارییدایە.

ململانێی نێوان ناسیۆنالیسم و فێمینیسم هەروا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. دژبەری لەناو بزووتنەوە میللیەکان لە جیهانی رووڵەگەشەدا تەنانەت بەرجەستەترە. ناسیۆنالیسمی تورکو عەرەبو ئێرانیش لەساڵەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەمدا دەسەڵاتیان گرتەدەست. تۆماری ئەوان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندی دوو جنسەکە لە هێچڕوویەکەوە لەهی هاوتارۆژئاواییەکانیان باشتر نییە. ئامانجی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان بەپێچەوانە گەیشتنە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەزموونی دەوڵەتەکەی خۆیان لە ئێران ساڵی 1946 و لە عێراق پاش 1992 ناسیونالیسمی کوردی لەو رەوتەی کەلەرۆژئاواوە دەستپێکردبوو لای نەداوە.

ئەم ململانێیە لەکوردستان بەردەوام لە رێگای گفتوگۆ و سازانێکەوە کە بەهۆی درندەیی قەومکوژیو جینوساید بەدەستی چوار دەوڵەتی میللییەوە بەسەر هەردووڵادا دەسەپێندرێت، یەکلادەبێتەوە. ماوەتەوە بزانین ئایا فێمینیستەکوردەکان ڕێگادەدەن بە ناسیۆنالیسم کە بەردەوام هەروەکوو پاسەوانی پیاوسالاری بمێنیتەوە. بەڵام زۆر ساویلکەییە ئەگەر پێمانوابێت کە ناسیۆنالیسم تاقە کۆسپە لەسەرڕێگای رزگاری ژناندا. فێمینیسم وەکوو بزووتنەوەیەکی وشیار بۆلەناوبردنی پیاوسالاری، لەناوخۆیەوە لەلایەن هێندێک هەڵوێستی تیۆریکەوە کە داواکاری سازشکارییە، بەزێندراوە. ئەوبانگەوازەی کە لەڕۆژئاواوە لەلایەن فێمینیستە پۆستمودێرنەکانو تیۆریسیەنەکانی سیاسەتی پێناسە (هەویەت)ەوە بۆ `فێمینیستە خۆجێیەکان` دەکرێت، هاندانە بۆ سازان لەگەڵ پیاوسالاری ئایینی، قەومی و میللی. بەڵام سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردەکان سە بارەت بە `پرسیژنان` لەچاو ئەو رێوشوێنەی پۆستمودێرنەکان دایدەنێن، دەیان ساڵ لەپاشە. (بڕوانە نووسراوەکەی Klein لەم کتێبەدا) لەکاتێکدا کە ناسیۆنالیسمی کورد لەوەدا سەرکەوتووە کە رۆڵی پاسەوانی پیاوسالاری بگێرێت، خۆجێیخوازی و تیوریەکانی خۆجێیبوون بانگهێشتنی فێمینیسم دەکات ببێتە دەستەمۆی ناسیۆنالیسم. سەرەرای سەرکوتکردنی درندانەی میللی کەدژبە خەڵکی کورد بەرێوەدەچێت، زۆرتر لەوەدەچێت کە فێمینیستە کوردەکان لەبەرخاتری ئایینو میللەت و بێخەوشی قەومی، ناکەونە پاڕانەوە لەبەردەم پیاوسالاریدا.

## پەراوێزەکان

1- ئەم بەشە دووبارەنووسینەوەی توێژینەوەکانی منن لەژێر ئەم سەردێڕەدا. من لە بڵاوکراوەکانی `کۆمەڵەی ژ.ک`، بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستان، دەستنووسەکان، وتووێژەکانو هەروەها سەرچاوەی ناراستەوخۆ کەڵکم ورگرتووە.

2- وشەی `کۆمار` لەڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەی حیزبی دەسەڵاتداردا بەکارهێندراوەو ڕێبەری حیزبو دەوڵەت واتە قازی محەممەدیش وەکوو `سەرۆک کۆمار` ناسراوە. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد و هەمووانی ئاگادارکردەوە کاتی ناردنی‌نامە بۆ قازی محەممەد بنووسن `سەرۆککۆماری کوردستان`(کوردستان ژمارە 14، 13 مانگی دووی 1946 ل4). بەڵام لەژێر فشاری سۆڤییەتدا ئەم ناوە لەچوارچێوە رەسمییەکاندا لابراو بەسەرۆککۆماریان گوت پێشەوا. کوردەکان هێشتایش هەر هەرپێی‌دەڵێن کۆمار.

3- ڕێبازی کۆمەڵەی ژ. ک. دیموکراسیەو بۆ بەختەوەری ژیانی ئینسانەکان تێدەکۆشێت.(بڕگەی 8ی پلاتفۆرمی بڵاوکراوە لە نیشتمان 6؛6 1942 دا تەنها سێ بڕگەی بەڵگەنامەیەکی دووررودرێژتر بڵاوکراوەتەو).

4- دەقی شانۆنامەکە نەماوەتەوە. زۆرترین ڕوونکردنەوە لەلایەن فەرشی (1995)ەوە دراوە. لێکدانەوەیەکی کورت لە کتێبەکەی Eagleton دا هاتووە(1963).

5- ئەم بەڵێنە لە مەرامنامەی حیزبدا دراوە (بڕوانە ژێرنووسی ژمارە 9 لەخوارەوە)؛ هەروەها بڕوانە: Eagleton(1963؛70-1).

6- کتێبی اسامی دهات‌کشور(26:1950)

7- فرهنگ جغرافیایی ایران(512:1951)

8- بەپێی زانیاری لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە (5- 14 :1961)

9- مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (1-30:1970)

10- کوردستان (1946) 10(6 مانگی‌دوو): 1،4.

11- کوردستان (1946) 13(11مانگی‌دوو):1.

12- گۆڤاری `گرووگاڵی منداڵانی کورد`. بۆ نموونە ئەم شێعرە بڵاوکردوەتەوە:

بۆ کچان

ئەی کیژی کورد! تۆیش هەروەک براگەورەکەت فێری خوێندن بە
نووری دیدەم قەت دەست لەخوێندن هەڵمەگرە.
براکەت پێویستی بە یارمەتی تۆیە،
ئەو زۆر موحتاجی بیری جوانی تۆیە.
کاکت بەقوربانت بێت خوشکم فێری خوێندن بە،
چونکوو ئەوەی نەخوێندەوارە حەیوانە. (7:1946)

13- کوردستان (1946) 27 (25 مانگی سێ):3-2.

14- کوردستان (1946) 29 (30 مانگی سێ):4.

15- کوردستان (1946) 24 (13 مانگی سێ):7.

16- کوردستان (1946) 24 (13 مانگی سێ):3.

17- کوردستان (1946) 79 (22 مانگی هەشت [دەبێ 20ی مانگی هەشت، واتە 29 گەلاویژ بێت]):4.

18- کوردستان (1946) 85 (5 مانگی نۆ [دەبێ 12ی مانگی نۆ واتە 21ی خەرمانان بێت]):1.

19- کوردستان (1946) 77 (15 مانگی هەشت):4.

20- کوردستان (1946) 77 (15 مانگی هەشت):4.

21- کوردستان (1946) 85 (5 مانگی نۆ [دەبێ 12ی مانگی نۆ، واتە 21 خەرمانان بێت]):1.

22- کوردستان (1946) 24 (13 مانگی سێ):5.

23 - کوردستان (1946) 16 (18 مانگی دوو):4.

24- بەکەڵکوەرگرتن لە دەستنووسەکانی محمدامین مەنگوڕی نووسراوە (7-176:1958). نووسەر خۆی لە

عەشیرەتی مەنگوڕ لەتایفەی بلّباسە و سەبارەت بە شوێنەواری ئەم یاسایە لە سەر خەڵکی ناوچەکە لێکۆڵینەوەی دەکرد لەکاتێکدا کە ماوەیەکی کورت پاش رووخانی کۆمار بەنهێنی دەژیا.بڕوانە Edmonds(6-1957:225) سەبارەت بەرەدووکەوتنی کچان لەناو بلّباسدا. لێرەدە سپاسی بەڕێز مەحموودی مەلاعیزەت دەکەم کە ئەم دەستنووسانەی پێدام. ئەو خۆی ئەم دەستنووسانەی لەسوید بڵاوکردوەتەوە.

25 - کوردستان (1946) 10 (4 مانگی دوو):3.

26- کوردستان (1946) 2 (13 مانگی یەک):4.

27- کوردستان (1946) 27 (25 مانگی سێ):3.

28- کوردستان (1946) 28 (27 مانگی سێ).

29- کوردستان (1946) 73 (4 مانگی هەشت):2.

30 - کوردستان (1946) 72 (30 مانگی یەک):4.

31- بۆ نیشاندانی نموونەیەک لەم چەشنە بیرکردنەوە، وتووێژێک دەگێرینەوە کە ساڵی 1993 لەگەڵ چوارکەس لەرێبەرانی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان کە یەکێکە لەرێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. یەکێک لەم ژنانە کوشتنی بەربڵاوی ژنان رەتدەکاتەوەو ئەڵێ کە تەنها یەکدوو ژن لە سلێمانی کوژراون. لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە رەدووکەوتنی کچان وەکوو رێگایەک بۆدەربازبوون لە هاوسەرێتی رێکخراو لەلایەن بنەماڵەوە، ژنبەژنە و فرۆشتنی کچان، یەکێک لەو ژنانە ئەڵێت ئەو دژبەو کارانەیە چونکوو ئەو لەوباوەڕەدایە کە ئەوانە دژبە نەریتی خەڵکی کوردستانە. یەکێکیتر لە رێبەرانی رێکخراوی ژنان دژایەتی رەدووکەوتن دەکاتو ئەڵێت:

> من ناتوانم راستەوخۆ بڵێم کە ئەمکارە (رەدووکەوتن) شتەیەکی باشە. ئێمە بە روونی ئەو کۆمەڵگایە دەناسین کە تێیدا دەژین.ئێمە چ فەرهەنگێکمان هەیە ؟ ئەگەر ئێمە لە چوارچێوەیەکی بەریندا باسی مافی ژنان بکەین، خودی کۆمەڵگا لە بەرامبەرماندا رادەوەستێ. ئێمە دەبێ هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ کۆمەڵەکەماندا بچینەپێش. فەرهەنگی ئیسلامی و کوردی بوونەتە یاسای کۆمەلایەتی ؛ ئەگەر ئێمە ئەم سنوورە تێپەرکەین، سەرناکەوین.

ئەم چوار ژنەی وتووێژەکەیان لەگەڵداکراوە ڕیبەری یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان بوون و بەسەردان هاتبوون بۆ ئەورووپا بەمەبەستی راکێشانی پشتیوانی بۆ چالاکییەکانیان.(1993:124،122 چەنگیانی).

## سەرچاوەکان


- نەناسراو. (4-1943)«ئاخافتنی برایانو خوشکان.»، نیشتمان 3/4 (1322دیسامبری1943 ژانویە 1944)4-23.
- جەزا چەنگیانی (1993) چاوپیکەوتنیک لەگەل چوار ئافرەتی سەر بە یەکیتی ئافرەتانی کوردستان. خەرمانە 9-10: 122 ؛ 124.

Eagleton Jr William (1963). The Kurdish Republic of 1946. London: Oxford University Press

Edmonds, C.J. (1957). Kurds, Turks and Arabs. London: Oxford University Press

- فرهنگ جغرافیایی ایران (1951). جلد 4. تهران چاپخانه ارتش، 1330.
- برایم فەرشی(1995)`کورتەیەک لە سەر شانۆی «دایکی نیشتمان»`. گزینگ28:7-23.
- گروگالی مندالانی کورد (1946) 1(1) (21 مانگی سێ)
- دولتایران (1961). وزارت کشور، آمارعمومی، آمار سرشماری منطقەای اولین سرشماری ملی در ایران، آبان 1335(مانگی یازدەی 1956)، بەرگی جلد 47. منطقە سرشماری مهاباد، 5- 14 : مە 1961.
- کتاب اسامی دهات کشور (1950)جلد 1 استانهای 1،2،3 و 4. تهران وزارت کشور ادارە کل آمار و ثبت احوال، فروردین 1329، چاپ دوم: 26.
- محمدامین مەنگوری (1958). بەسەرهاتی سیاسی کورد لە 1914وە هەتا 12ی تەمووزی 1958، بەرگی یەکەم، دەستنووس. لەسوید لەژێر سەردێری `بەسەرهاتی سیاسی کورد لە 1914ەوە هەتا 1958. بەشی یەکەم 1999.
- مەرامنامەی حیزبیدیموکراتی کوردستانی ئێران. گۆڤاری تودە ژمارە 19، پووشپەڕ 1970/1349 : 1-30.

- رسول میكائیلی (1946). `پەروەردەی ژنان` كوردستان 75 (11 مانگی هەشت):4
Nelson, Dana(1998).National Manhood: Capitalist Citizenship and the imagined Fraternity of White Men. Durham: Duke University Press.

*************